# لەچیرۆکی(ژنێکی تەنها)دا
# گەران بەدووی چەمکی عەشقدا

## زانا سامان

ئەم خوێندنەوەبۆکردنەی بەردەستان یەکێکە لەو چیرۆکانەی لەکتێبی(گۆرانیەکانی ماسی فرۆشێك)ی چیرۆکنوس(نەجات نوری)ە، کەهەوڵ ئەدەم بەپێی شرۆڤەکردنێکی بەپێز دیوێکی تری گێرانەوەکەتان بۆ بگەیەنم بە وێناکردنێکی دیکە، کەدەکاتە گەیشتن بە بنەما مەعریفیەکانو وێناندن لەدیوێکی تری فکرەی نوسینی چیرۆکەکەدا.

لەراستیدا گەڕان بەشوێن چەمکی عەشقداو دۆزینەوەی لەساتە وەختێکی وەکو نوسینی دەق، لەسەرەتادا جگە لەهەوڵی وێناندی چۆنیەتی ژیانی عەشق لەواقیعو گەیشتن بە ساتەوەختەکانی بەپرۆسەکردنی شتێکی رۆحانی لەدارشتنی دەقدا، بەڵام ئەوەی گرنگە بەوردی قسەیەکی لەبارەوە بکەین ئەوەیە کە پێش هەر بەپرۆسەکردنێك ئەو شتە رۆحانیەی کە عەشقە دەکەوێتە نێوان هەوڵدانو گەیشتن بە دەرئەنجامێك، کەدەکاتە چۆنیەتی بەرجەستەکردنی هەستو سۆزو ئارەزوو لەبارەی پێکهێنانی لایەنێکی وەکو عەشق، بەڵام لەهەموو ئەمانە گرنگتر ئەوەیە کە چۆن بتوانین چینە جیاوازەکان لە خودی عەسق لێکجودا بکەینەوە، ئەویش دەکاتە هەریەك لەمانەی کە ئاماژەیان پێدەدەم، وەکو(عەشقکردن یان عاشقبوون لەواقیعدا)و(لەئاوێتەبوونی عەشقدا تەسلیمبوون بەدنیای ئەندێشەوە)و(عەشقبوون لەدووره پەرێزیدا بۆوێناکردنی لایەنە پربەهاو جوانەکان بۆگەیشتن بەچێتی عەشق).

وەك چۆن لەچیرۆکەکەدا هاتووەو دەڵێت:(ئەم ژوورە ئەتووت لەم شارەدا نیە، یان ئەتووت لەم سەرزەویەدا نیە)، ئەم دێرەی لەچیرۆکەکەوە وەرگیراوە، لەدیەمین دێری دەقەکەدا نوسراوە، کەواتە دەگەین بەو ئامانجەی کەگەرانە بەدوای(چەمکی عەشق)داو خوێندنەوە بۆکردنەوەکەی دەکاتە(عەشقبوون لەدووره پەرێزیدا بەوێناکردنی لایەنە پر بەهاو جوانەکان بۆ گەیشتن بەچێتی عەشق) بابڵێین چۆن..؟؟، لەو دێرەی چیرۆکەکەدا ووشەی(ئەتووت) دووجار ئاماژەی پێدراوەو وێنەکردنێکی پێوە لکێنراوە، کەواتە ئەو ووشەیە ئەوەمان بۆدەسەلمێنێت کەگەرانێکی نهێنی ئامێز لەفکرەی نوسینەکەدا یاخود بلێین گێرانەوەکەدا هەیە، ئەگەر بەووردی تێفکرینەوەی لەبارەوە بکرێت، دەبیندرێت کە خود بەیانکردنێکی سەلیقانەی تێدا هەست پێدەکرێت لەنێوان(گێرانەوە)و(گەران)داو حاڵەتێکی مەنتیقیانە لەپشتەوەی چیرۆکەکەدا بەرچاو دەکەوێت کە، هونەری وێناکردن هەرلەو دێرەوە، بەرە بەرە پەرەدەسێنێتو دنیایەکی تایبەتی بۆ چیرۆکەکە دەخەملێنێت.

لەدێرێکی تری چیرۆکەکەدا نوسراوەکە(ئەبوایە بەردەوام ئەو پەنجەرەیە بکرایەتەوە، پەپولەکانیش دەهاتن لەو ژوورەدا دوا ساتەکانی تەمەنیان بەبەرچاوی ئەم ژنەوە کۆتایی پێهێنا))، پێش هەر شرۆڤەکردنێك دەبێت باس لەوە بکەم کەرەهەندێك لەم چەند دێرەدا دەبێتە هێمایەك بۆ بەرەو رووی چەمکی عەشق، ئەویش دروستکردنی (پەنجەرە)یە.

پەنجەرەیەك کەهەموو شتە تۆراوەکان لەژیان ئاوێتەی دەبنو بەهەموویان شتگەلێك پێکدەهێنن،کە ئەویش(مردن)ە لەپێناوی عەشقدا، لێرەوە دەبێت بگەرێینەوە بۆ مانای فکریو مەعریفیەکان، چونکە ووشەی(مردن) لەو دێرانەدا دەبێتە هۆی هەڵقولانی ووشەی(دەست نیشانکراو)، هەمیشە(مردن) یاخود بەکۆتاهێنانی ژیان لەپێناوی عەشقدا، بەهایەکی تایبەتماندە لەگەیشتن بەمانا چەمکیەکەی، یاخود هێنانەوەی(پەپولە) کە ئەگەر بەهەڵەدا نەچم پێموابێت شاعیران یەکەمین درك پێکەرن کەسەبارەت بە(پەپولە) نوسیبیێتیانو پاشان بەپێی گۆرانکاریەکان لەبواری نوسینە

ئەدەبیەکاندا، ئاوێتە بەچیرۆكو تەنانەت رۆمانیش بووە، هەوڵدەدەم بەشێوەی بەرچاوخستنێك، پیرۆزیەکانی(پەپولە)تان بۆ روونبکەمەوە، دەبێت ئەوەش بڵێین کە نوسینی هەر دەقێك ئەگەرچی فەزای خۆی هەیە بەڵام گۆراپانێکی گەورەی لەبەردەمدا هەیە بۆ هەنگاونانی زۆرتر لەبارەیەوە کەدەکاتە بەرفراوانییەکی مەزن بۆ قسە لەسەرکردنو،دیارە(پەپولە) لەبەر ئەوەی تێکەڵ بەنوسینە هەمە جۆرەکانی ئەدەبیاتکراوە، لەبەر ئەوەی گیانەوەرێکە کەبەبێ هیچ سڵەمینەوەیەك لەپێناوی لەپێناوی عەشقدا دەمرێت، وەك چۆن شاعیر(هێمنی مام نایەر) لەیەکێك لەدەقەکانیدا کە بەناوی(فەنابوون)ە دەڵێت: (من لەپەروانە فێری عەشق بووم، هەتاکو سوتان رووم لەچرایە)، ئەمە نمونەیەکە بۆ ئەوەی کە(پەپولە) جگە لەوەی بەشیلەی گوڵ تەمەنی دەگوزەرێنێت، بەڵام هەمیشە پێشڕەوی عەشقە.. عەشقێك کەدیسان ماهیەتی خۆیمان لە(مردن)دا بۆ جوان دەکات.

هەر دوا بەدوای ئەو چەند دێرەی بەکوورتی خوێندنەوەم بۆکرد، دێرێکی هەتا بڵێیت جوان بەخش دەکەوێتەوە بەرچاومان کەدەڵێت:( حیکایەتی پیاوە عاشقەکانو وەرینی گەڵاو دواساتەکانی تەمەنی پەپولەکان، ژوورەکەمیان پڕکردووە لەگریان)، دیارە بەپێی دارشتنی نوسینی چیرۆکەکە، ئەو چەند دێرە یەکێکە لەووتەکانی ئەو ژنەی لەژوورەکەدا بەتەنها دەژی، ئەگەر بەمووتەیەی ژنە تەنهاکەدا گوزەر بکەین، ئەوکات هەست دەکەیت کەهەنگاوەکان بۆگەیشتن بە(چەمکی عەشق) بەرەو دۆزینەوەی رێگەی خەملاّندن دەبێت، وەك چۆن بەووردی شیکارێکی لەسەر شتە پیرۆزەکانی نێو عەشقمان بۆ دەخاتە بەردەست، بەڵام لەهەموو ئەو باس لێوەکردنانەی ئەو چەند دێرە، لەشیکارکردنەکانی ووتەی ژنە تەنهاکەداو پاشان دواین ووشە کە(گریان)ە دەبێتە فاکتەرێك بۆجوانکردنی ئەو وێناکردنەی چ لەزەینی ژنەی تەنهاو چ لەفکرەی نوسینی چیرۆکنوسدا، کەدەبێتە هەڵگری قرسایيەك بۆزیاتر بە چێژوەرگرتنی خوێنەر لەلایەكو لەلایەکی تریشەوە بەیانکردنی تواناو شیعرییەت ئاوێتە بەوێنندنی چیرۆکەکە دەبێت.

(چەند عاشقێکی سەیریت، لەهەموو وەرزەکاندا هەر بۆعەشق گمەت دێت، تۆ بەشێکیت لەمن) ئەمەش دێرێکی تری چیرۆکەکەیە، کەژنەی تەنها لەگەڵ ئەو کوکوختیەی لەسەر بەرزایی پەنجەرەی ژوورەکەی هێلانەی کردووەو وەك لەچیرۆکەکەشدا ئاماژەو باسی لێوەکراوە، هەموو بەیانیەکی دووشەممان لەگەڵ ئەو کوکوختیە دواوە، کەدەڵێت:( چەند عاشقێکی سەیریت) هەست بەوە دەکەیت کەگەران بۆ گەیشتن بەچەمکی عەشق لەبرەوداندایە، ئەو ووتەیەی ژنەی تەنها کەپرسیارێکی سەرسورهێنەر نیشاندەدات، بەڵام لەپشت ئەو ووتەیەوە چیرۆکنوس هەوڵیداوە نهێنی چیرۆکەکە بپارێزێتو تاکۆتایی چیرۆکەکە بیشارێتەوەو لەگەڵ ئەوەشدا بەجدی هەوڵی فەلسەفاندنی بۆداوە، لەبەر ئەوەی(چێژ) وەرگرتن ببێتە فاکتەرێك بۆ گەران بەدووی رووە راستەقینەکەی ماناکانی عەشقدا.

(لەهەموو وەرزەکاندا هەر بۆ عەشق گمەت دێت)، ئەگەر شرۆڤەیەکی مەنیقیانە بۆ ئەم دێرەش بکەین، ئەوکات درك بەوە دەکەین کەهەمیشە لە چیرۆکەکەدا هەوڵدان هەر بەردەوامەو دێرێك بەرچاو ناکەوێت کەببێتە هۆی دەستە وەستان، لەروانگەیەکی تریشەوە پرۆسەی بیرکردنەوەیەکی قوڵ لەدەروازەکانی گریمانە دەداتو پاشان بەپێی گەرانەوەکان بەرەو چێتی عەشق، وە لەهەمان کاتدا لەفکری چیرۆکنوسدا، بیرکردنەوەیەکی رەسەنە لەودیو بەگیروگرفت کردنەوەی وێناندنەکانەوەوسەر ئەنجام مامەڵەی فەلسەفاندن لەوبارەیەوە، دەبێتە پێوەرێك بۆ نزیکبوونەوە لەبنەماکانی خوودیەتی(عەشق).

دوا دێری ژنەی تەنها کە دەڵێت:( تۆ بەشێکیت لەمن)، ئەمەشیان کەبەپێی پێوەرە مەعریفیەکەی، چەندین فۆرمی

جیاواز لەیەکتری لێدروست دەبێت، کە دەبنە دوولایەن وەك(چاکە)و(خراپە)، کەدەڵێت(بەشێکیت لەمن) ئیدی ئەوە بۆخۆی هەنگاوێکی جدیانەیە بۆ ئاوێتەبوون بە لایەنەکانی (چاکە)و فەنابوون بەقوڵایی عەشقدا، چونکە خۆی لەخۆیدا کە بمانەوێت شرۆڤەی عەشق بکەین، نابێت بێئاگابین لەوەی کەعەشق لەدوو چینی جیاوازەوە دروست دەبێتو لەو نێوەندەدا ماهیەتە جوانەکانی عەشق دەکەوێتە نێو گۆڕەپانی بەیەك گەیشتن، واتە ئەو دەربڕینەی ژنەی تەنها، دەبێتە حاڵەتێکی رۆحانیو هەڵقوڵانێکی عەشقانە لەو وێنەیەدا دەبێتە هونەری عەشق، بەڵام کەناوی هونەری عەشقی لێدەنێین، واتە ئەو دێرە دەبێتە شوناسێکی تایبەتمەندو فرە رەهەندێکی رۆحانی ئاوێتە بەچەشنی حاڵەتە دەروونیەکانی عەشق دەبێتو ئەو میتۆدەی مەبەستە لەم خوێندنەوەبۆکردنەدا بەئاسانی دێتە بەردەست، تادەگەیتە ئەو دەرئەنجامە سەلمێندراوەی کەرووندەبێتەوە، لەبەر ئەوەی کە عەشق چاکبوونەوەیەکی رۆحانیو ئاوێتەبوونێکی دەروونی لێپەیدا دەبێت، چونکە تەنیا هۆکاری عەشق لای ئەو کەوتنەوە دەروونیەی لەناخی هەر مرۆڤێکدا دروست دەبێت، تەنیا شۆردنەوەی وێنە جوانەکانەو ئەگەر لەپشتەوەی ئەو وێنانەدا شتێکی دیکە هاتە ئاراوە، ئەوکات مایەی بێدارکردنەوەی خۆشەویستی دەبێت، ئیدی دەگات بەوتێفکیرنەوەی کە لەبری خۆشەویستیەکی شەهوانی، خۆشەویستیکی واقعیەت ئامێز خۆی بەسەر ئەو دێرەِ ژنەی تەنهادا دەسەپێنێت، کەدەکاتە دەرگیر بوونی عەشق لەحاڵتێکی ئیستاتیکیدا لەزەینی ژنەی تەنها، بەڵام ئەوەی کە گرنگە بەڕاشکاوی باسی لێوە بکەم، دەلالەتێکی ڕەها هەیە نوسەر لەکاتی نوسینی ئەم چیرۆکەدا بەتەواوەتی لەوحاڵەتەدا بووە، کەلە فیکرو فەلسەفەدا بە(ئاگایی) ناودەبرێت.

(من دەمێکە بەپەنجەکانم تاکە ووشەیەکم بۆ عەشق نەنوسیوە)، بۆ لێکدانەوەی ئەم دێرە هەڵبژاردەیەی چیرۆکەکە، دەبێت بڵێین کە، عەشق سەنگ و بەهای خۆی هەیەو پەیوەست بوونێکی چ نەفسیو چ رۆحی ئاوێتەی دەبێت، کەواتە لەساتە وەختی ئەو دێڕەدا دابڕان یاخود کاڵبوونەوەی عەشقو نواندنێکی غەدر لێکراو لەخۆ دەگرێت، کە هەنووکەیی ترینیان دەگەڕێتەوە بۆ پاشوەختی پەشیمانیەتیو هەوڵدان بۆ بەحەسرەت بوونەوەیو گەرانەوە بۆنێو واقعیەتی عەشقکردنو بەرەنگاریبوونەوە لەگەڵ بێ هیوابوونو دابڕنێکی حەتمی لەترسو دوورکەوتنەوە کەناومان لێنا، کاڵبوونەوەی عەشق، کەواتە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە عەشق لەدوو حاڵەت دروست دەبێت کەسەرمەدییەت پێکدەهێنێو دواتر گەیشتن بەرێگا چارەیەك بۆ نزیك بوونەوە لەچەمکی عەشق.

(ساڵانێکە من خاوەنی پەنجەکانم نیم) واتە ئەو پەنجانە کەنەفامانە دەکەوێتە نوسین لەسەر عەشقێکی دۆڕاو، کەواتە عەشقێك کەبە سەرەتایەکی کۆمیدیەت دەست پێدەکاتو کۆتایەکەشی بەمەینەت چەشتن درکی پێدەکرێت، بەشێوەیەکی تریش ئەوەیە کەلەرێگای مومارەسەکردنو تێگەیشتن توخمێکی تر دێتە ئاراوەو روی راستەقینەکەی نایەکسانی لەنێوان مەعشوقەکاندا دروست دەکات، کەواتە ژنەی تەنها لەحاڵەتێکی کامڵبووندایەو بەتەواوی لەمانای عەشق تێگەیشتووە، کەدەکرا چیرۆکەکە لەدوای ئەو دێڕەوە، ئیدی کۆتایی بە چیرۆکەکە بهاتایە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کەچیرۆکنوس مەبەستی لەنوسینو گێڕانەوەکەدا هەیەو وەك لەسەرەتاشدا ئاماژەم پێدا، نهێنیەك لەزەینی چیرۆکنوسدا هەیەو دەیشارێتەوە بۆ کۆتایی چیرۆکەکەو درێژە بەگێڕانەوەکە دەدات تاگەیشتن بە(چەمکی عەشق).

ئیدی منیش بەو پێیەی باسم لەنهێنی نێو زەینی چیرۆکنوس کردو ئاماژەم بەشاردنەوەی کرد، کەواتە دەچمەسەر دوو دێڕی کۆتایی چیرۆکەکەو تەواوی نهێنیکە دەخەمە بەرچاو، لەو دوو دێڕەی کۆتایی چیرۆکەکەدا هاتووە کە(هەموو ئەو پیاوانە بینیان هەموو ئەندامەکانی گیانی ئەم ژنە بۆتە گەلاو لەگەڵ بادا لەپەنجەرەی ژوورەکەیەوە

ئەرواتە دەرەوە)، کەواتە من وەکو رەخنەگرێكو باسکردنی ئەودیوی چیرۆکەکە، بەتەواوەتی مەبەستەکانی خۆمم لەمەڕ ئەم چیرۆکەی بەردەست خوێنەران پێکاوە، چونکە لەپێشتردا بەووردی شیکارکردنم لەسەر(مردن) کرد، کەچۆن ماهیەت بە بەها جوانەکانی عەشق دەدات.

دەرئەنجامی ئەم چیرۆکەش ئەوەیە کەبە بڕوای من، (نەجات نوری) چیرۆکنوس سودێکی باشی لەلێکۆڵینەوە فەلسەفیەکان وەرگرتبێت، یاخود ئەو خوێندنەوە بۆ کردنانەی لەبارەی(چەمکی عەشق)ەوە نوسراونو توێژینەوەیان لەبارەوە کراوە، دوای گەلاڵەبوونی ئەم شتگەلانە لەفکرو زەینی چیرۆکنوسدا چیرۆکی(ژنەی تەنها) بەجوانی بەرهەم هێنراوە.

<u>ئەم خوێندنەوەیە ساڵی پار لە رۆژنامەی(ئالآی ئازادی) بلاّوکراوەتەوە</u>

-